






م. دارا محمد عوسمان هەورامانی

# یادی نیگاری هاوسەرم

لە سۆمای چاوەکانمەوە ئەوین و خۆشەویستی (نیگار) دێنێتەوە یادم. لە قووڵایی دەرونمەوە، شەپۆل و تەزووی ئەندێشەی بەهارانی ساڵانی رابردوو، دروێنەی عەشقی حەقیقی خەرمانی خەمانم بە ناکامی دروێنە دەکات.

رۆژانە سەرسامم بە نامۆیی خۆم!! چۆن و چی بکەم، بۆ ئەوی هاواری تاساوم لە گۆمی مەنگدا لەبیر بچێتەوە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز نیگاری (نیگارم) لە تەمەنی خۆمدا لەبیر ناچێتەوە.

نیگاری گیانم راستگۆ بوو، هەمیشە بە عیشقی خاوێن یادەوەرییەکانی خۆی بۆ واڵا دەکردم، چونکە عیشقی ئافرەت بۆ هاوسەرکەی خۆی، بۆ من، بە خۆشەویستی لەبیر نەکراو وەك: وەرزی بەهاری، دارودرەخت، وەك پەپلە ژەرەژانی دارگوێزەکانی هەورامان بە شنەی نەسیمی بۆنخۆش، ساتەکانی باس دەکردەوە .

وا سەرلەنوێ بەهاری دووەمم (م . نیگار) گیان لە سەیوان باخچە گوڵەکان ئاو دەداتەوە، بەڵام بۆ من دووساڵە تارمایی نابینم، بۆیە لەمانگی ئازاردا، ئازارەکانم سەرلەنوێ هەڵدەدەنەوە. هەموو ژمارە (٣) نەورۆزێك لاپەڕەی ژیانم بە تاساوی بۆ کۆچی ناوادەی (م. نیگار) خامەکەم زار زار دەناڵێنێ، هەموو دار ئەرخەوان و گوڵەکان سێبەر بۆ مەزاری (م. نیگار) دیسان دەکەنەوە (مەولەوی) ئاسا بۆ وەرزی بەهاری بەمشێوەیە دەفەرموێت:

(مشۆتاڵەی من خیلاف ئەنگیز بۆ
وەرنە، کەی کێ دی وەهار گوڵ رێز بۆ )

بەختی من لە وەرزی بەهاردا رۆژی جوداوازی بوو، ئەگینا کێ دیویەتی لە بەهار بەو هەوا خۆش و بارانەوە، گوڵان گوڵ رێز بکەن؟؟؟ ئاە، لە وەرینی گوڵ لە بەهاردا چەندە نامۆیە؟؟ بۆ ئاهی من، بۆ تاسەی (م. نیگار) لە وەرزی گوڵاندا بەهار گوڵ هەڵدەوەرێنێ، بەهاری نەورۆزی، ئاهی نامۆیی سەرم لێ دەدات، دەروونم ئاوێزان بوونی لەنێو گوڵ و دەروونی (م. نیگار)دا ساز و سەمتوری واتایی ئامادە دەکات.

لە دیوانی شیعری رۆژانەمدا، رۆژانە کۆپلە شیعرێك دادەنێم، بەناوی (م. نیگار)ەوە، خەمرەوێنم دەکات.

جارجار لە پەنجەرەی ژوورەکەمدا خامەکەم دەگرم بەدەستەوە و دەڵێم:

(( بەسۆ ئاماوە زام زەدەی زەردم
تۆ تۆ هورش دان قەتماغەی جەرگم
پەی وادەی ناواد، وادەی بێ بەختم
هەناسەی سەردم، دووکەڵ وابەردم
خەمم جەم بیەن، جەمی یەك جاری
خەم هەرویش خەما، وێنەی نادیاری ))

وادەی مەرگی ناوادە هەناسەی لێ بڕیوم. (٢٣)ی ئازاری هەموو ساڵێك بۆ من کۆتەڵی دووکەڵ، دڵ و دەروونم دادەپۆشێت. بۆیە نەورۆز هەمیشە بۆ من زستانە بە تیشکی رۆژیش بەستەڵەکی دڵی زامدارم ناتوێنێتەوە. بۆیە بۆ مەرگی ئازیزەکەم لە وەرزی بەهار سەرلەنوێ، نوێ دەبێتەوە، هەمیشە بەیادی جارانەوە، ئاوازێکی خەمین بە شیعری خۆم،



یا (سەیدی) یا (بیسارانی) یان (مەولەوی) لە کانگای دڵمەوە تۆمار دەکەمەوە. بۆ ئەوەی (نیگاری نیگاران) لە سەیواندا گوێی لێ بێت و بە خەوێکی خۆشەوە بەئاگا بێتەوە. خۆم هەردەم بە نزاو لالانەوە بۆ ئازیزم، سۆزو میهرەبانی و وەفا بە دلۆڤانی، بۆ تۆی ئازیز لە یەزدانی مەزن داواکارم گیانت لە باخچەکانی بەهەشتدا بحەسێتەوە. ئەو شیعرانە، یان ئەو رازانە کە رۆژانە لە لاپەڕەکانی ژیانمدا دەنووسمەوە، رۆژانە پێکەوە دەچووین بۆ قوتابخانەی هەورامان لە گەڕەکی خەبات و لە شاری سلێمانیی ئازیز، سەرلەنوێ باسی جگەرگۆشەکانمان (د. سانا و د. خولیا)) دەکرد، هەردووکمان بەهیوابووین ئەو ئازیزانە بگەنە ئامانج و من و تۆش بە ژیانێکی کامەرانی بحەسێینەوە، بەڵام شێرپەنجەی نالەبار زۆری بۆ هێنای و تۆ زۆر ئازا بوویت، بە هێمنانە، نە زمانت وەك جاران، نە چاوەکانت، نە حەزو ئارەزووەکانت، نە دوارۆژت نەهاتەدی. نازانم دڵت خەبەری دابوو، ئیدی تۆ کۆچی یەکجارەکی دەکەیت، بۆیە وەك گەڵای پاییزە ژیانت هەڵوەری، هەروەها هەموو ساڵێك مەولەوی شورای عاشوراکەی بۆ یادی (عەمبەر) خاتوون، دووبارە و سێ بارە دەکردەوە. منیش بۆ یادی بەهاری لە نەورۆزی گوڵ وەریوی یەکجاری هەموو ساڵێك لە (٣)ی نەورۆزدا، نامەی مەرگی تۆ دەنووسمەوە .

مەولەوی دەفەرموێت:

ئیمشەو وەهەر حاڵ شەو وەرۆ بەروون
ئەی خوا سامەرگێ سەحەر چێش کەروون ))

# شانۆی کوردی و تێڕوانینێک



ئەسود فایەق / کەرکووک

مێژووی شانۆ لەکوردستان زۆرکۆن نییە، هەر بۆیە وەك پێوست داهێنانی تێدانەکراوە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینیوە، سەرەتا لە حیکایەت خوێندنەوەی دیوەخان و چایخانەکان دەستی پێ کردووە، دواتر هاتۆتە هۆڵ وسەر تەختەی شانۆ .

پاشان بەهەوڵی ماموستا و کارئەکتەری شارەکانی کەرکووك و سلێمانی و هەولێر و زاخۆ توانرا شانۆی کوردی بگاتە ئەم ئاستەی ئێستا و بەردەوام بێت .

بەلام بەداخەوە لەهەموو قۆناخ و سەردەمەکانی دەسەلاتی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق شانۆ و هونەری کوردیش وەك تەواوی کێشە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی ئەم کوردستانە پشت گوێ خراوە، دوای راپەڕین و ئەوکاتەی حکومەت و دەسەلاتی کوردی و پەرلەمان لەم هەرێمە دامەزرا دڵ خۆش بووین، ئیتر حکومەتەکەی خۆمان هۆلی شانۆ و پەیمانگای شیاو رۆژنامەو گۆڤاری هونەری و شانۆیمان بۆ دادەمەزرێنێت و دروستیان دەکات .

بەلام بەداخەوە لەم سەردەمی پێشکەوتن و زۆری تەکنەلۆژیایەدا لەم سەدەی بیست ویەکەدا لەم نیشتمانی پڕ نەوت و پڕ خێرو بێرەدا ئەوەی بۆ ئێمەی کەرکووکی بۆتە مایەی خەمێکی گەورە تائێستا هۆڵێك نییە شانۆکاران بتوانن بەبێ خەم نمایش و پرۆڤە و کاری شانۆیی تێدابکەن .

ئێستاش دەبێت دەرهێنەر و ستافی کارە شانۆییەکە جگە لەخەم خواردنی پرۆڤەو ماندووبونی ئەکتەرەکان شەونوخونی . دەبێت لەخەمی دانانی رووناکی و داخستنی دەرگاو پەنجەرەو تاریك کردنی روناکی هۆڵەکەو دانانی دیکۆر و رێك خستنی کورسی هۆڵەکەش بن .

کەواتە ئێستا شانۆی کوردی لەرووی هۆڵ و تەکنیکەوە بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە

بۆیە پێویستە حکومەت ئاوڕی جدی لەشانۆی کوردی بداتەوە و هەستێت بە دروست کردنی چەندین هۆڵی پێشکەوتوو لەشار و شارۆچکەکان .بۆئەوەی ئێمەی هونەرمەندان خزمەتی زیاتری شانۆ و هونەری کوردی بکەین .



# ڤیدیا بە توندی دژی پاکستانییەکان دەوەستێتەوە

دوای ئەو هێرشە تیرۆریستییەی کە لە دەڤەری (بۆلوانا)ی کشمیر ئەنجامدرا، گشت ئەستێرەکانی بۆلیۆد و پیشەسازانی سینەما لە هیندستان بە توندی دژی ئەو هێرشە وەستانەوە و رایەکی گشتی درووست بوو دژی نمایشکردنی فیلمە پاکستانییەکان و رێگا نەدان بە هیچ ئەکتەرێکی پاکستانی کە لە هیندستان کاری ئەکتەری ئەنجام بدات.

هەر لەم بارەیەوە ئەستێرەی ناسراوی هیندستان ڤیدیا بالان لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند: «ئەم جارە پێویستە هەڵوێستێکی زۆر توندتر بگیرێتە بەر»، هەر لە میانەی بەرنامەکەدا ڤیدیا وتی: «هەرچەندە من هەمیشە بڕوای تەواوم بەوە هەبووە کە پێویستە هونەر بە هەموو شێوەیەك لە سیاسەت دوور بخرێتەوە، بەڵام ئیتر بێدەنگی و ئارامییش سنووری خۆی هەیە، پێویستە هەڵوێستمان یەك بخەین».

هێرشەکەی بۆلوانا کە رۆژی ١٤ی شوبات ئەنجامدرا، لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی کشمیر لە ساڵی (١٩٨٩) وە تائێستا بە توندترین هێرشی تیرۆریستی دادەنرێت کە تێیدا تیرۆریستێك بە ئۆتۆمبێلێك خۆی بە بارهەڵگرێکی سەربازییدا تەقاندەوە و، بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە ٤٠ سەربازی هیندی، دواتر سوپای (جەیش ئەلئیسلام) کە بارەگاکەی لە پاکستانە، بەرپرسیارێتی خۆی لەسەر ئەم هێرشە راگەیاند.

لە لای خۆیەوە لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا پێویستە هونەر لە سیاسەت دوور بخرێتەوە؟ خانمە ئەکتەر تۆماری سۆلۆ وتی: «وەك تاکێك پێموایە هیچ شتێك لەوە باشتر نییە کە لە گشت بوارەکانی مۆسیقا، شیعر، سەما، شانۆ و سینەما، باشترین هونەرمەندەکان کۆبکەینەوە، پێویستە ئێمە ماوەیەك بحەسێینەوە و لە کارەکانما دوور بکەوینەوە بۆ ئەوەی بزانین لە داهاتوودا چی روودەدات، چونکە پێویستە لە قۆناغێکی دیاریکراودا هەندێك هەنگاوی سەخت بنێین.»

لەلایەن خۆیانەوە هەر یەکە لە ئەکتەرانی بۆلیۆد (ئەکشای کۆمار و پریانکا شۆپرا و ئەجای دیفجات و فیکی کۆشال) بە توندی سەرکۆنەی ئەم هێرشەیان کرد.

# کاتی بیری حەزی لە دایکایەتییە

بەشێکی زۆری ئەستێرە ناسراوەکان سەرەڕای سەختیی دایکایەتی بۆیان، بەڵام خەون بە دایکایەتییەوە دەبینن، بەتایبەتی بۆ ئەکتەر و گۆرانیبێژان، خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی (کاتی بیری) لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنووسان ئاشکرای کرد کە لە ناخی دڵەوە حەز دەکات لە زووترین کاتدا ببێت بە دایك.

دوای ئەوەی کاتی بیریی تەمەن ٣٤ ساڵ دەستگیرانی خۆی ئاشکرا کرد، کە ئەستێرەی ناسراوی جیهانی (ئۆرلاندۆ باتۆمی)ـە، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (people) کاتی رایگەیاند: لە ئێستادا هەوڵ دەدات ببێت بە دایك و بە جدیش کار بۆهێنانەدیی ئەم خەونەی دەکات، کاتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی ئەنستاگرام، چەند وێنەیەکی ئاهەنگی دەستگیرانییەکەیی بڵاو کردبۆوە، کە رەنگی سوور تێیدا زاڵ بوو، هەروەها لە چەند وێنەیەکی دیکەشیدا ئەنگوستیلەکەی بڵاوکردبۆوە، کە بە چەند بەردێکی گرانبەهای رەنگ سوور رازێندرابۆوە.

دوای پەیوەندییەکی شڵەژاو کە سێ ساڵی تەواوی خایاند، دوا جار لە ئاهەنگی ڤالانتایندا هەواڵەکەی رایگەیاند و چەند وێنەیەکی خۆی و دەستگیرانەکەی و ژمارەیەك کلیپ و وێنەی دیکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستاگرام بڵاوکردەوە، لە ژێر یەکێك لە وێنەکانی نووسیبووی «full bloom»، واتە لە لوتکەی گەشەدا.



# لە دوای مردنیش کەتنەکانی کۆتاییان نایەت

دوای بڵاوبوونەوەی چەند راپۆرتێك کە باس لەوە دەکەن ئەستێرەی پۆپی کۆچکردوو مایکڵ جاکسۆن دەستدرێژیی کردۆتە سەر (١١) منداڵ، بەم دواییە جاکسۆن بووەتە گرنگترین باسی میدیاکانی ئەمریکا و جیهان.

لەلایەکی دیکەوە پۆلیسی ئەمریکا دەربارەی کەتنە بەردەوامەکانی مایکڵ جاکسۆن بە دوای زانیاریی زیاتردا دەگەڕێت، ئەمەش دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکان بەم دواییانە سەلماندیان کە مایکڵ بەر لە چەند ساڵێك لە تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر کچێکی (١٣) ساڵ تێوەگلاوە. هەر سەبارەت بەم بابەتەوە رۆژنامەی میرۆری بەریتانی لەسەر زاری پارێزەر (فینسی فینالدی) رایگەیاند: «پێشتر وا بڵاوکراوەتەوە کە مایکل جاکسۆن تەنیا ئارەزووی ئەوەی هەبوو کە دەستدرێژی بکاتە سەر منداڵە کوڕەکان، بەڵام لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە کە دەستی لە کچانیش نەپاراستووە».

لەلایەکی دیکەوە (ئەدریان ماکمانوس) کە پێشتر لە ماڵی جاکسۆن کاری کردووە، رایگەیاند: «لەو ماوەیەی کە لە ماڵەکەی مایکڵ جاکسۆندا کارم دەکرد، هەستم بەوە کرد کە زۆر ئارەزووی ماچکردن و خۆ نزیککردنەوەی لە منداڵە کوڕەکان هەبوو.» ماکمانوس هەروەها دەڵێ: «لەوماوەیەدا تێبینیی ئەوەم کرد کە سەرەڕای سەرکەوتنەکان لە بواری هونەریدا و بوونی لایەنێکی باش لە ژیانیدا، بەڵام لایەنێکی تاریکیش لە ژیانی مایکڵدا هەبوو.» لە کۆتایی قسەکانیدا وتیشی: «چەند کەسێکی نزیك لە مایکڵ جاکسۆن پێیان راگەیاندم کە ئەگەر ئەم نهێنییە ئاشکرا بکەم، ئەوا بێ دوو دڵی سەرم لە جەستەم جیا دەکەنەوە.»



# هونەرمەندان بێ سپۆنسەر چۆن دەتوانن بەردەوام بن؟

**لە دوای ئەو قەیرانە سەختە داراییەی کە رووی لە هەرێمی کوردستان کرد، کە هەموو جومگەکانی ژیانی لە وڵاتە وەستان، بەتایبەت هونەر، کە پشکی شێری لەو نێوەندەدا بەرکەوت، تروسکاییەك نەما بۆ لە دایك بوونی ئەو پرۆژە جوانانەی کە هونەرمەندان گەڵاڵەیان کرد بوو، بەڵام ئەوەی کە بووەتە جێگەی سەرنجی هونەرمەندان ئەوەیە، کە بۆچی سەرمایەداران و پیاوانی خاوەن کار نایەنە سەر هێڵ بۆ ئاوڕدانەوە لە هونەری شارەکەیان؟ لەو سۆنگەوەش چەند هونەرمەندێکی بە ئەزموون بە راشکاوی دڵی خۆیان دەکەنەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە نەبوونی سپۆنسەر هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لەباربردنی خەونەکانیان و دەکرێ بە یاسایەك بازرگانان و سەرمایەداران بێنینە سەر هێڵ بۆ دەستگرۆیی هونەری وڵاتەکەیان.**

بەڕێوەبەری هونەری سینەمای هەولێر (شاخەوان مستەفا) کە ساڵانێکە وەك بەرپرسێکی وەزارەتی رۆشنبیری کار دەکات، لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەگەر مێژووی چەند ساڵی رابردووی بەر لە ٢٠١٤ هەڵبدەینەوە دەبینین، حکوومەتی هەرێم هیچ کات لە دابین کردنی بودجەی زەبەلاح بۆ فیستیڤاڵی سینەما و موزیك و گۆرانی و هونەر بە گشتی درێغیی نەکردووە، لەم چەند ساڵەی دواییشدا کە حکومەت تووشی قەیرانی دارایی بووەوە، پێویست بوو هەر زوو سەرمایەداران بە دەنگ هونەری شارەکەیانەو بهاتبان، نەك تەنیا فشار بخرێتە سەر حکوومەت.» لە بارەی سپۆنسەریشەوە ئەو بەرپرسەی وەزارەتی رۆشنبیری گوتی: «ئەگەر بمانەوێت هونەری ئەم شارە دڵی لە لێدان نەکەوێت، دەبێت بە هەموومان هاوکار و پاڵپشتیی پڕۆژە هونەرییەکان بین، بەتایبەت لە بواری فیلمسازیدا، کە دەتوانرێت هەموو ئازار و سەختی و جوانییەکانی ژیان لە ئامێز بگرێت، چونکە ئەو هونەرەی کە پێی دەگوترێت هونەری حەوتەم، هەموو رەنگ و دەنگ و ئاوازەکانی لەخۆ کۆکردووەتەوە، لە جیهانیشدا بەو هونەرە دەگوترێت: سامانی وڵات.»

دیارە رۆڵ و کاریگەریی سپۆنسەر بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە چەقبەستووەکانی نێو هونەر پێویستیان بە بودجەی گەورە هەیە، ئەمەش تەنیا بە حکوومەت ناکرێت، ئەگەر بە وردیش بڕوانینە هونەری وڵاتانی جیهان دەبینین، کە هونەر لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بە پیشەیی کراوە، هونەرمەند: لە رێگەی بەرهەمەکانیەوە توانیوویەتی لە هاوکاری کردنی هەژاران و خەڵکی لێقەوماودا رۆڵی گرنگ ببینی، یان بە پێچەوانەی ئێمە هاوکاربێت لەبەردەم پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکوومەتدا، لەو چوارچێوەیەشدا (جوبرائیل ئەبوبەکر) کە دەرهێنەری دوو فیلمی ئەنیمەیشنە بە ناوەکانی (بێدەنگی ئاسمان، ئایلان) کە لەم دواییەدا بە سپۆنسەری زانکۆی نۆلج بەرهەم هاتووە، بەشداربووە لە زیاتر لە ٨٠ فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی و بووەتە خاوەنی چەندین خەڵاتی جیاواز لە ئەورووپا و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا،

لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەوەی کە خەونەکانی منی کرد بە راستی رۆڵی کاریگەریی سپۆنسەر بوو، کە هەردوو فیلمە ئەنیمەیشنەکەمیان گرتە ئەستۆ و ئێستا ئەو دوو بەرهەمە لە ئاستی وڵاتانی جیهاندا بە جوانترین فیلمی ئەنیمەیشن لە رووی بیرۆکە و سیناریۆ و ناوەڕۆکدا دادەنرێن، بەشداربوونیشم لەو فیستیڤاڵانەدا سەرکەوتنێکە بۆ هونەری سینەما لە کوردستان و تەواوی خەڵکی ئەم وڵاتە، چونکە من نوێنەرایەتیی نەتەوەیەك دەکەم ئاشقە بە هونەر.»



(عەدنان عوسمان) ئەو ناوە دیار و بەرچاوەی سینەمایە، کە بۆ لە دایکبوونی فیلمی (مەملەکەتی مێروولەکان) کە خزمەتێکی گەورە بوو بە مرۆڤایەتی و گێڕانەوەی تاوانێکی گەورە بوو لە مێژوودا، ئۆتۆمبێلەکەی خۆی کردە قوربانی و کەسیش تا هەنووکە ئاوڕی لەو بابەتە نەدایەوە، لەو لێدوانەیدا دەڵێت: «بە گوناهێکی گەورەی دەزانم کە سەرمایەداران و هەموو کاربەدەستان لە ئاست خەمی هونەر و هونەرمەنداندا بێدەنگی هەڵدەبژێرن و خەمەکانی ئێمە بە هەند هەڵناگرن، کە خەمەکان شەخسی نین، بەڵکو خەمی خزمەتکردنە بە هونەری ئەم وڵاتە، کاتێك کە روو لە کەرتی تایبەتیش دەکەین، وەك سواڵکەرێك لێمان دەڕوانن، چونکە ئەوان تا ئەمڕۆش لە پەیامی هونەر نەگەیشتوون، کە ئەمەش بۆ ئێمە ئازارێکی دیکەیە. «

(رێکان محەمەد)ی گۆرانیبێژ سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێ: «بێ گۆرانی و ئاواز ژیان هیچی بۆ نامێنێتەوە.» لە بارەی نەبوونی سپۆنسەر و هاوکاریی ماددی لە کارە هونەرییەکانی دەڵێت: «دەمەوێ بپرسم ژیان بەبێ گۆرانی و ئاوازی شیرین چی بۆ دەمێنێتەوە؟ یان بۆچی ئێمە تەنیا پەنجە بۆ حکوومەت درێژ بکەین، لە کاتێکدا سەرمایەداری ئەو وڵاتە، خەریکە تاوەری هەوربڕ دروست دەکەن و ئێمەی هونەرمەندیش خەونەکانمان لەگەڵ خۆماندا دەنێژرێت؟ دەمەوێ بپرسم بۆچی ناتوانن ببن بە سپۆنسەری بەرهەمێکی هونەری کە خزمەت بە هونەری ئەم شارە بکات؟ راشکاوانە دەیڵێم، کە من خۆم بەدوور گرتووە لە گۆرانیگوتن، تەنیا هۆکار ئەوەیە کە هیچ سەرچاوەیەکی دارایيم نییە تا بتوانم ئەلبوومە تازەکەمی پێ تەواو بکەم، ئەمەش خەمێکی گەورەیە، کەرتی تایبەت هونەری هەولێر بە خەمی خۆیان نازانن.»